www.kurdistannet.org
3-10-2006 19:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## ناوەندی چاک پشتگیری زیندانییە سیاسییەکان دەکات و داوای دابینکردنی مافەکانیان دەکات

بابەت\ ڕێنمایی و ڕوونکردنەوە

دەمێکە ناوەندی چاک وەک ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ و ئەنفال و جینوساید، پێداچوونەوە و دانوستان لەسەر بارودۆخی زیندانیانی سیاسی کوردستان دەکات، بە تایبەت لە باشووری کوردستان کە ئێستا بواری ئەوە هاتووە ڕێزیان لێ بگیرێت و لەسەر ئەو خەباتەی کردوویانە لە پێناو گەل و نیشتیماندا بیجیاوازی قەرەبوو بکرێنەوە. ڕێکخراوی چاک دوور لە ڕەوتی سیاسی زیندانییە سیاسییەکان دەیەوێت مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت و بە ڕێزەوە دەسەڵاتی باشووری کوردستان و ڕێکخراوەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، لیێان نزیک ببنەوە و بۆ مافە کانیان تیبکوشن.

ئێمە لە ناوەندی چاک، پشتگیری تەواوی خۆمان لە یاداشتنامەی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین، کە لە بە رواری 9\26 دا ئاراستەی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و کۆمیتەی دەستووری هەرێمی کوردستان کراوە. داوا دەکەین ناوی زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان بخرێتە سەر مادەی 41 و 74 ی دەستووری پێشنیارکراوی هەرێمی کوردستان و لە دەقێکی ئاشکرادا ڕێزیان لێ بگیرێت.

هەروەها داوا دەکەین:

1- مافەکانی زیندانییە سیاسییەکان بە شێوەیەکی یاسایی و قانونی پەسەند بکرێن دوور لە دەستکاری لایەنە سیاسییەکان.

2- دوور کەوتنە وە لە بەکارهێنانی زیندانییە سیاسەکان و مافە ڕەواکانیان، لە پێناو بەرژەوەندی و موزایەداتی پارتایەتی.

3- تۆمارکردنی ناوی هەموو زیندانییە سیاسییەکان و ڕێزلێگرتنیان بەبێ گوێدانە ئینتیمای سیاسی و پارتایە تی.

4- دروستکردنی لیژنەیەکی هەمەلایەن بە بەشداری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ ئەوەی:

- بەدواداچوونی لیستەکانی زیندانییە سیاسیەکان بکات و ئەو کەسانەی زیندانی سیاسی نەبوون لەو لیستانە دەربکرێن.

- ئەو زیندانییە سیاسیانەی تاوەکوو ئێستا لە بەر هەر هۆیەک بێت ناونووس نەکراون، ناویان بنووسرێت و ڕێزیان لێ بگیرێت.

بۆ بە دیهێنانی ئەو خاڵانەی سەرەوە ناوەندی چاک ئامادەیە هاوکاری تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات.

ناوەندی چاک

WWW. CHAK. INFO 2006-10-1